# دادگا داوای کۆکردنەوەی کتێبی جەهالەتی ئیسلام لەسەرجەم ناوچەکانی هەرێمدا دەکات

سمکۆ عەبدولکەریم

بەنووسراوێکی رەسمی دادگا داوا لەوەزارەتی رۆشنبیری دەکات کتێبی (جەهالەتی ئیسلام) کە لەلایەن ئارام رەشید کە نووسەرێکی نەناسراوە نووسراوە کۆبکاتەوە، ئەمەش یەکەم بڕیاری لەوجۆرەیە لە دوای راپەڕین و دامەزراندنی حکومەتی هەرێمەوە دەدرێت.




شاکر رۆژبەیانی بەڕێوەبەری گشتی کارگێڕی و دارایی وەزارەتی رۆشنبیری بە PUKmedia ی راگەیاند: ئێمە وەک وەزارەتی رۆشنبیری پابەندین بەجێبەجێکردنی ئەو بڕیارەی دادگا، بۆ ئەم مەبەستەش بە نووسراوی رەسمی بەڕێوەبەرایەتی گشتی رۆشنبیری پارێزگاکان ئاگادار کراونەتەوە بۆئەوەی لەڕێگەی خۆیانەوە بەڕێوەبەرایەتی رۆشنبیری شارەکان ئاگاداربکەنەوە بۆ کۆکردنەوەی ئەو کتێبە. بڵاوبوونەوەی ئەو کتێبە ناڕەزایی زۆری لێکەوتۆتەوە لەلایەن مامۆستایانی ئایینی هەرێمی کوردستان کە لەڕێگەی کۆکردنەوەی ئیمزا داوایان لەسەرکردایەتی کورد کرد سنوورێک بۆ بڵاوکردنەوەی ئەو جۆرە کتێب و نووسینانە دابنێن کە دژ بەئایینی ئیسلامن.

PUKmedia